# ئەگەری سەرهەڵدانی شەڕیکی نۆی سارد لە فۆرمێکی دیکەدا

**پاریزەر / هەڵکەوت حیکمەت مەلاعەلی**
**سوید**.




پێ دەچێت پاش تێپەربوون لە دوو دەیە بە سەر ڕووخاندن یان نەمانی جەمسەری رووسیا لە سەرەتای نەوەدەکاندا ئەمڕۆکە رووسیا توانیویەتی جۆریك لە ئارامی و جێگیری سیاسی و ڕەفاهیەتی ئابووری بەدی بهێنیت وە خۆی لەو چوارچێوە چەق بەستوەی ڕابردوو رزگار کردەبێت،

رووسیا کە گەورەترین و ئەسڵیترین وارسی ئیمپراتۆری رووسیایە پاش تێپەڕاندنی چەندین ساڵ بە سەر نەمانی ڕووبەڕوویی گەلێك کێشمەکیشی ناوخۆیی و ناوچەیی بوویەوە بەڵام ئەوەی ئەمڕۆ دەبینرێت لە ڕووی کرداریەوە موسکۆ کردارگەلێکی بەرەو پێشڤەچوون چ لە ئاستی ناوخۆ وە یان ناوچەیی دا هاوێژتوە بەوەی کە ئەم وڵاتە چی کە گرفتاری ئەو قەیرانانە نیە کە لە ڕابردوودا بە دەستیانەوە دەیناڵاند بەڵکو دەخۆازێت جارێکی تر وەکو دەوڵەت و دەسەڵاتێکی بە هێز پێگەی خۆی لە ناوچەکەدا نیشان بدات و وە هەر لەم روانگەیشەوە گرنگی و حساباتی بۆ بکریت وەك خاوەن دەسەڵات و هێزیك لە ناوچەکەدا.

ئەوەی لێرەدا گرنگەو جێ پرسیار کردنە ئەوەیە ئاخۆ رووسیای نۆی هەنگاوی هاوێژتوە لە پیناو زیندووکردنەوەی جەنگی سارد وە یان هەوڵ دەدات لە رێگەی دروست کردنی کێشەو ڕووبەڕووبۆنەوە لە بەرامبەر ئەو هێزە جیهانی و ناوچەییانەی کە هەن پێگەیەکی باشتر بۆ خۆی دەستبەر بکات یان دەخۆازێت لەو رێگەیەوە ئەمریکا وجیهانی ڕۆژئاوا ئاگادار بکاتەوە لەوەی کە بە سیاسەتەکانی خۆیاندا بچنەوە وە تێڕوانین و خوێندنەوەی تازەیان هەبێت بەرامبەر رووسیاو وە حسابێکیش بۆ موسکۆ و دەسەڵاتدارانی ئەو وڵاتە بکرێت.

خالێکی تر کە گرنگەو دەبێت ئاماژەی پێ بکرێت ئەوەیە کە رووسیا هەوڵدەدات یان بەردەوام دەبێت لە رێگەی جەنگی ساردەوە لە جیهانی یەك جەمسەری ئەمڕۆدا بۆشایەك دروست بکات وە یان دەخۆازێت بەم شێوە سیاسەت کردنە هەوڵ دەدات بۆ هەرچی زیاتر دەستەبەرکردنی ئیمتیازاتی سیاسی و بەرژەوەندی ئابووری زیاتر بۆ وڵات. رووسیا لە سەردەمی گۆرباچۆڤدا وەك هێز و دەسەڵاتێکی جەمسەری نەما لە ناوچەکەدا وە توانای ئەوەی نەما جاریکی تر ڕووبەڕووی یان بەرەنگاری هێزەکانی تر ببێتەوە کەواتە ئەو قۆناخە بە قۆناخی ساڵانی کۆتایی رووسیا دەژمێردرێت لە زۆربەی ڕووەکانەو هەر لە ڕووی پێگەی سیاسی یان ئابووری یا سەربازی هتد.

ئەمڕۆ جگە لەوەی کە رووسیا وەك جەمسەریك نەماوە لە هەمان کاتدا دەبێت خۆی لە تەك ئەو جیهانە یەك جەمسەریەی کە ئەمڕۆ هەیە بگونجێنێت وە لە پاڵ سیاسەتە گوشەگیریەکەی ناچارە کە بە هێزەو دەسەڵاتی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی قایل بێت، ئیمە ئەمڕۆ لە جیهانیکدا ژیان دەکەین کە دەبێت یان خاوەن هێزو دەسەڵاتدار بێت وە یان دەبێت وابستە بێت بە هێزو دەسەڵاتێکی مەزنترەوە چونکە لە سەردەمێکی وەك ئەمڕۆدا گفتوگۆ کردن لە سەر وابستە نەبوون یان سەربەخۆیی تەواو یان ژیان کردن بە بێ خەڵکانی دیکە بێ مانایە بە پێ ئەوەی کە ئەمڕۆ جیهان بووە بە گوندێك و سەردەم سەردەمی گلۆبالیزمە ئیتر چیدی ناتوانین گفتوگۆ لە سەر ئەوە بکەین کە ئیمە پێویستمان بە یەك یان خەڵکانی دیکە نیە چونکە گفتوگۆ کردن لە سەر ئەو شێوازە بیرکردنەوەیە جگە لەوەی گوشەگیری دروست دەکات لە هەمان کاتدا بێ ئەنجامیشە،ئەمڕۆ ڕێژەیەکی زۆری وڵاتانی جیهان بەرەو یەکگرتنەوە یان یەکبوون هەوڵدەدەن و هەنگاو دەنێن وە تێ دەکۆشن بۆ لابردن و لە نێو بردنی ئەو دیوارو سنوورە دەستکردانەی کە هەیە بۆ ئەوەی هەمووان بتوانن پێکەوە بەرەو ئاراستەیەکی تەندروست هەنگاو بنێن و ئاشتی وئارامی وسەقامگیری سیاسی بەدیبهێنن.

ئەگەرچی لەم ساڵانەی دواییدا شاهێدی رووخان و نەمانی چەند حکومەتی فیدراڵی وەکو رووسیاو یوگسلاڤیا بووین هەندێ لەو فاکتەرەکانی کە رۆڵی کاریگەریان هەبوو لەم رووخانەدا بوونی بەهێز بوونی دەسەڵاتی ناوەندی فیدراڵی بوو ئەمە جگە لەوەی کە چینێك لە دەسەڵاتداران پاوانی هەموو جۆرە دەسەڵاتەکانیان کردبوو وە بەربەست بوون لە دابەش کردنی دادپەروەرانەی سامانی نیشتمانی و مەکانەکان،ئەم جۆرە لە ئیمتیازاتانە تەنها چینێکی دیاریکراو لە وڵاتدا سودمەند بوون هەر بوویە دەرئەنجامەکەی بەو شێوەیە بوو.

ئەمڕۆکە پیادەکردنی سیاسەتی گوشەگیری لەلایەن هەر وڵات و کەسێکەوە دەرئەنجامی نێگەتیڤی گەلێك زیاترە لە دەرئەنجامی پۆزەتیڤ، هەر بوویە

کەسێك کە ڕێڕەوی سیاسەتی گوشەگیرکردن دەگریتەبەر یان ئەوەتا لە لە گوڕانکارییە نێودەوڵەتیەکان بێ ئاگایە یا خود بێ تواناو بێ هەستە لە بە کارهێنانی شێوازی دیبلوماسیەت، لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە دوو نموونەی مێژویی سیاسەتی گوشەگیرکردن بکەین کە لە ڕابردوودا بە کار هێنراوە یەکیك لەوانە ئیمپراتۆری ژاپۆنی ( میجی) بوو کە سیاسەتی گوشەگیری لەو سەردەمەدا پەیڕەو دەکرد بە جۆرێك کە دەرگای لە ڕووی هەموو پەیوەندیە جیهانیەکان داخستە بوو ئەمەش دەرئەنجامی زۆر خراپی لەو سەردەمەدا بۆ ژاپۆنیەکان لێ کەوتەوە، هەروەها دروست کردنی دیواری چین لەو سەردەمەدا بۆ پارێزگاریکردن و مانەوەی خاك و سەرزەمینی چین بوو لە بەرامبەر هێرشی مەغولەکان و خەڵکانی تری بێگانە لەودەمەدا ئەمە لە کاتێکدا کە ئەم دیوارە بە گەورەترین دەستکردی مرۆڤایەتی دەژمێردرێت لە مێژوودا بەڵام دیواری چین نەك تەنها نەیتوانی خاك و سەرزەمینی چین لە هێرشی بێگانەکان بپارێزێت بەڵکو مەغولەکان توانییان بۆ ماوەی ساڵانێکی دوورودرێژ حکومڕانی چین بکەن و کونترۆڵی هەموو بارودۆخەش بکەن.

ئەگەر چی ئیمە ئەمڕۆ لە سەدەی بیست ویەکەمدا دەژین بەڵام هەتا وەکو ئیستاش کەسان و کومەڵە گروپ هەن کە پاراستن و مانەوەی وڵاتەکەیان لە سیاسەتی گوشەگیریدا دەبیننەوە، ئەم جۆرە کەس و لایەنانە ئەزموونیان لە ڕابردوو وەرنەگرتەوە وە چاویان لە بەرامبەر گوڕانکاریە جیهانیەکان دا داخستەوە نموونەشمان بۆ ئەمە رۆژانی کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانیە لە لایەن کریملینەوە.پاش تێپەڕبوونی چەندین ساڵ بە سەر داڕمانی جەمسەری رووسی ئەم وڵاتە أووبەأووی چوار کێشەی بنەڕەتی بوویەوە کە لەمانە پێهاتەبوون:

یەکەم، کۆماری فیدراڵی رووسیا کە وارسی رووسیای کۆن بوو أووبەأووی کومەڵێك داواکاری بوویەوە لە لایەن کۆمارەکانی رووسیای پێشوو هەر بوویە ناچار بوو بە بێ ئەوەی هێچ جۆرە ئەلتەناتیڤێکی دیکەی هەبێت بە جۆرێك مەلکەچی داواکانیان بوو.

دووەم، رووسیا لە کومەڵێك کۆمارو ناوچەی ئۆتۆنۆمی سەربەخۆ و نەتەوەو کەلتووری جیاواز پێکهاتەوە هەر بوویە ژمارەیەك لەم کۆمارانە خاوەن ئەندیشەی جیابۆنەوە یان سەربەخۆیی بوون وە چیتر ئارەزووی ئەوەیان نەدەکرد کە لە ژێر دەسەڵاتی رووسیادا بژین و بمێننەوە.

سێهەم، رووسیا گیرۆدەیەو دەناڵینی بە نەبوونی ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز، هەر چەندە ئەم کۆمارە خۆی وەك هێزیکی خاوەن چەکی ئەتۆمی دەبینێت،ئەگەر سەیری ئەو گۆڕانکاریانە بکەین کە لە سەر ئاستی بەرپرسان لەو وڵاتەدا لە سەردەمی یەڵسنەوە بگرین ئەو راستیەمان بۆ دەردەکەویت کە موسکۆ بۆ دەستبەر کردنی  ئەم سەقامگیریە سیاسیە ڕێگایەکی دوورودرێژ و پەأ لە هەورازی تێپەڕاند وە دەتوانین بڵین بەهاتنی فلادیمیرپۆتین ئەم سەقامگیریە تا ڕادەیەکی بەرچاو بەدیهاتەوە بەڵام لەپاڵ ئەوسەقامگیریە سیاسیە کە بە دەستهاتەوە پێشلکاریەکی تەواوی ئازادیەکان و ڕەتکردنەوەی دیموکراسی دەکریت لەو وڵاتەدا ئەمەش جۆرە قەیرانێکی لە نێو رووسیادا دروست کردوە.

چوارەم، دوبرینین کە بۆ ماوەی ساڵانیکی زۆر باڵیۆزی رووسیا بووە لە وویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا باوەأی وایە کە فاکتەری ئەساسی داڕمانی جەمسەری رووسیا مەسەلەی ئابووری بوو. هەربوویە موسکۆ لە دوائەنجامدا بۆ ئەوەی خواستەکانی بەجێبهێنیت پەنای بۆ رۆژئاوا برد وە بە پێ ئەوەی کە یەکیکە لە هەشت وڵاتە پێشەسازیەکەی جیهان توانی لە ڕێگەی وەرگرتنی قەرز لەو وولاتانە باری ئابووری وڵات بەرەو ئاستێکی سەقامگیری باش بەرێت.

ئەمڕۆکە ژمارەیەك لە سیاسیەکان بڕوایان وایە کە موسکۆ تێروانین وایە کە توانیویەتی دەستبەری یەکپارچەی نێوخۆی وڵات بکات وە هەروەها لە لایەکی تر توانیویەتی سەقامگیری سیاسی و ئابووری بۆ وڵات بەدیبهێنیت بوویە ئیستا سەرقاڵی ئەوەیە کە بە بەکارهێنانی جۆرەها ڕێگەوچەکی جیاواز ئەو پێگەیەی کە لە ڕابردوودا خاوەنی بوو جاریکی تر بگەرینیتەوە.

فلادیمیرپۆتین سەرۆك کۆماری رووسیا چەند مانگێگ پێش ئیستا سەفەریکی بۆ أۆژهەڵاتی ناوەأست کرد یەکیك لە ئامانجە سەرەکیەکانی ئەم سەفەرە زیندووکردنەوەی پەیوەندیەکان بوو لە تەك هەر یەك لە سوریا و فەلەستینیەکان ئەمە سەرەأای ئەوەی بە تۆندی رەخنەی لە سیاسەتەکانی أۆژئاوا لە هەر یەك لە عیراق و ئەفغانستان گرت، موسکۆ دەیەویت وا نیشانی بدات کە ئەو دەتوانێت أکابەری ئەمریکا بکات لە ناوچەکەدا و هەروەها دەتوانێت جاریکی تر ببێت أکابەری ئەو جیهانە یەك جەمسەریەی کە ئیستا هەیەو لە لایەن هەژموونی ئەمریکاوە سەرکردایەتی دەکرێت.رووسیا لەو چەندساڵەی أابردوودا کە گوشەگیر بوو وە بێ دەنگ بوو لە بەرامبەر ئەو سیاسەت و کردارانەی کەلە لایەن ناتۆ وە یەکیەتی ئەوروپاوە جێبەجێ دەکرا بەڵام ئەمڕۆ رووسیا دەیەویت جاریکی تر وەك أابردوو رۆڵ و کاریگەری وبەشداری هەبێت لەوبڕیارانەی کە تایبەتە بە گشتی بە سیاسەتی نێودەوڵەتی و بە تایبەتی ئەو مەسەلانەی کە تایبەتە بە أۆژهەڵاتی ناوەأست، بوویە دەبینین لە چەند مانگی أابردوودا کاتیك ئەمریکا بەرنامەی ئەوەی هەبووکە بنکەی دژە موشەکی لە هەر یەك لە وولاتانی پۆلۆنیا و چیك جیگێر بکات أووبەأووی أخنەی تۆندی رووسیا بوویەوە وە تەنانەت بووە هۆی دروست بوونی جۆریك لە قەیران، هەر لەم سونگەیەوە رووسیا هۆشداری هێرش ئاسمانی دایە هەر یەك لە وڵاتانی چیك و پۆلۆنیا.

لەم أوانگەیەوە هەندێ لە تۆێژەرانی سیاسی پێیان وایە کە موسکۆ کار دەکات بۆ پێکهینانی جەنگیگی نۆی سارد، بەڵام ئەگەر بە شێوەیەکی ریالیستیانە

بۆ مەسەلەکان بأوانین ئەوا پێ دەچێت رووسیا بیەویت بەم جۆرە سیاسەت پەیأەوکردنە کومەڵیك ئیمتیازی زیاتر بە دەست بهێنێت. رووسیا بەو پێیەی کە خاوەن سامانی نەوت و بە تایبەتی گازە وە بە شێوەیەکی هێجگار زۆر گاز دەفرۆشێت بە زۆر لە وولاتانی أۆژئاوایی بە تایبەتی یەکیەتی ئەوروپا بوویە زۆر جار هەوڵی داوە ئەمە وەك کارتێکی فشار بە کار بهێنێت لەم مەسەلەیەدا رووسیا تا ئەندازەیەك توانیویەتی جۆرە ناکۆکیەك لە نێو وولاتانی ئەندام بوو لە یەکیەتی ئەوروپادا دروست بکات بەوەی کە لە تەك هەندێ لەو وولاتانە وەك ئەلمانیا و ئیتالیا کە بە پایەکانی یەکیەتی ئەوروپا دەژمێردرێن پەیوەندی تۆکمە و أستەوخۆیان هەیە وە تەنانەت گرێبەستی تایبەتیان لە نێواندا هەیە بە نسبەت گازەوە، ئەم گرێبەستە تایبەتیە یان ئەم پەیوەندیە تۆکمەیە جۆرێك لە دلگرانی بۆ وولاتانی دیکە دروست کردوە.لە لایەکی ترەوە رووسیا کار بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی بازرگانی دەکات لە أۆژهەلأتی ناوەأاستدا وە یەکیك لەو وولاتانە لە ناوچەکەدا دەوڵەتی تورکیایە، تورکیاش لەم أوەوە جۆرێك لە نەرمی پێوە دیارە چونکە تورکیا لە هەوڵەکانی بۆ بە ئەندام بوون لە یەکیەتی ئەوروپادا تا ئەندازەیەکی بەرچاو بێ ئومێد بووە ئەمە جگە لەوەی کە زۆر لە وولاتانی ئەوروپا نایانەوێت وولاتێکی وەك تورکیا  کە خاوەن کێشەیەکی زۆری نێوخۆی سیاسی  و ناسەقامگیری ئابووری و أێز نەگرتن لە پرینسیپەکانی مافی مرۆڤ و دیموکراسی وئازادیەکانە وبە دانیشتوانیکی حەفتا میلیونی موسۆڵمانەوە ببێتە ئەندام چونکە بە ئەندام بوونی لەو یەکیەتیەدا هەموو ئەو کێشەو کیماسیانە أووبەأووی هەمووان دەبێتەوە.

روسیاش ئەمە بە دەرفەت دەزانێت چونکە دەزانێت هەوڵەکانی  تورکیا بۆ بە ئەندام بوون بێ سوودە.

مێژوو نوسێکی ئەمریکی لە خوێندنەوەی بۆ سیاسەتەکانی رووسیا دەڵیت: رووسیا بۆ ئەوروپا لە ئوسامە بن لادن ترسناکترە وە یان ترسناکتر لەو گروپە تۆندأەوەانەی کە هەن.

لە کۆتاییدا دەتوانین بپرسین ئاخۆ رووسیا دەتوانیت جاریکی تر وەك جەمسەری دووەم هێز و دەسەلات لە جیهاندا دەرکەویت؟ وە ئایا رووسیا کار  بۆ سەرهەڵدانی جەنگیکی تری نۆی سارد دەکات؟ یان تەنها دەخۆازێت بە بە کارهێنانی ئەم جۆرە سیاسەت کردنە دەستبەری کومەڵی ئیمتیازاتی دیکەی سیاسیە و ئابووری بۆ وولات بکات.